# زام و سۆ

سیروان کاروانی

ئەو مرۆڤانەی بە بێبەزەیی و دڵڕەقیی خۆیان دەبنە هۆی دەرد و زام و لەو ڕێگایەشەوە تێکدانی ژیانی کورتی ئادەمیزاد و دەوروبەرەکەی، بەوانە دەژمێردرێن کە لە ژیان و سروشتی ئەم سەرزەمینە نەگەیشتبن، بە واتایەکی تر ئەوانە لە ژیان بێبەرین و هەر بەو شێوەیەش لە جیهانی گەورەیی مرۆڤ نامۆن. بەڵام کاتێک زامەکان بە هۆی خاوێنی و بێگەردیی سروشتەوە جارێکی تر بەرەو ساڕێژ بوونەوە دەچن، واتە دێنەوە سۆ، ئیتر هیوای سەوز لە ناخی مرۆڤەکاندا دەچێننەوە.

مرۆڤ تا بژی، بە هیواوە دەژی. ئەوانە مرۆڤ نین کە هیچ هیوایەکیان نییە و چاوەڕێی هەڵهاتنی خۆری ئازادیی ئومێد و ئارەزووەکانیان ناکەن. گەردوون پڕ لە ئێش و ئازار و مەینەتییە، ئازاری وەختی و ئازاری درێژ کە هێندێک جار تا کۆتاییی ژیانی ئادەمیزاد درێژ دەبنەوە. ئەوانە مرۆڤ نین کە تەنها بۆ خۆیان دەژین و لە ئازار ناگەن. ئەو کەسانەی هەست بە چزووە تیژەکانی ئازار ناکەن، گیانەوەرێکن لە پێستی گیانداری تووکندان. بە واتایەکی تر، ئەو کەسانەی دەبنە مەقەستی ئەجەل و ڕەگی ژیانی مرۆڤی تر بۆ خۆشگوزەراینی ژیانی خۆیان دەبڕن، پێیان ناگوترێ مرۆڤ.

لەناو تاقمی ئاژەڵاندا، ئەو ئاژەڵانەی بە زەبری ددان و چنجڕۆک و شاخ و پێلەقە هەروەک (بەرازەکێوی) ژیانی ئاژەڵە میهرەبانەکان تاریک دەکەن و زۆر جاران بە زیندوویێتی دەیانهەنجن، پێیان دەڵێن ئاژەڵی دڕندە، واتە بە دڕندەییان لەوانی تر جوودا دەکرێنەوە.
لەناو مرۆڤی گیانداریشدا، هەر بە هەمان شێوە، هێندێک جار مرۆڤ، مرۆڤیی خۆی لەدەست دەدا و لە شێوەی ئاژەڵە دڕندەکان ڕەفتار دەکات. ئەو جارانە کە مرۆڤ دەستەڵات پەیدا دەکات؛ کەم جار هەیە خۆی لێ نەگۆڕێت و کارێکی لە هی دڕندەکان یاخود خراپتریش ئەنجام نەدات. لەو کاتانەدا، بە مرۆڤەکانیش دەڵێن مرۆڤی دڕندە، کەوابێ مرۆڤی دڕندە و ئاژەڵی دڕندە دوو جەمسەری تێلێکی تیژ و ناوقەد زبرن و لە هەردوو لاوە بەو جەستە کلۆڵانەدا دەچن، کە هێزی پارێزگارییان نییە .
یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی مرۆڤ لە ئاژەڵان جوودا دەکەنەوە، ئەوەیە کە مرۆڤ قەپی گەورە بۆ سەرمایەی گەورەتریش دەهاوێ، ئەمەش پێچەوانەی ئاژەڵانە کە ئەو خاسیەتەیان لەلا نییە . ئاژەڵان، پاش ئەوەی ورگی خۆیان تێر دەکەن، ئەگەر لە مەستیدا هەر لەوێ خەو نەیانباتەوە ، ئەوا لەو ناوە دەگوازنەوە و بەرەو هەوارێکی تر دەکەونە ڕێ. کاتێک مرۆڤ بە جۆرێک تێر دەخوات، هێندێکیش دەبات و چاوەڕێی زیاتریش دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ هەرگیز تێر نابێ، بەڵام ئاژەڵان تێر دەبن.
لە سەرەتای دروستبوونی ئەم کەونەدا، تێکڕای گیاندارەکان زیاتر لێراواری بوون. ئەوان بە ژیانی ناو دارستان و خەوی ناو ئەشکەوتەکان و خواردنەکانی ئەوێ ڕاهاتبوون. مرۆڤ کە بە گیاندارە هۆشدارە ژیرەکان دەژمێردرێت،

ژیانێکی تری گرتەبەر و، بەمەش بۆ ژیانی ژێر چادرەکان و بەرەو کۆتانەکان و دێهاتەکان و لەوێشەوە بۆ شار پەرەیان بە ژیان دا. ئەو ڕێڕەوەی مرۆڤ تاقیی کردەوە، لە لایەکەوە ژیانی ئادەمیزادی بۆ گوزەرانێکی باشتر و شکۆدارتر گۆڕی و لە لایەکی ترەوە، مرۆڤ بە هۆی هێزەوە کارەساتی گەورەتری نایەوە و جۆرەها سیستەمی ئاژاوەگێڕیی پەیڕەو کرد. ئەو پەشێوییەی لە جیهانی ئەمڕۆدا دەروونی ئادەمیزادی شێواندووە، هەر ئاکاری ئەو درمانەیە کە دەستەڵاتداران بڵاوی دەکەنەوە.

ئەوەش کە مرۆڤ لە لێرەوارەوە بۆ شار لەگەڵ خۆی هێنا، دوڕندەیی بوو. ئاژەڵە دوڕندەکان هەروەک خۆیان لە هەمان ئاستدا مانەوە، کەچی مرۆڤ سەد هێندەی ئەوان دوڕندەتر بوو و کارەساتی نایەوە.

مرۆڤەکان ئەو کاتە ئاسوودە دەبن، هەستی ژیانیان لەلا نوێ دەبێتەوە و زامەکانیان دێنەوە سۆ، کە دەستەڵاتی شێتگیرەکان لەبەین ببرێ و سامانی بەبەهایان کە بنکڕی جامی ناو توێشەبەرەی گەداکانە، بەسەردا دابەش بکرێ.